# تیمارسازیی ئافرەتان و تەندروستیی ئافرەتان

ئەگەر ئەتۆ سوێدیی بە باشیی نازانیت مافی هەبوونی وەرگێڕت هەیە. کاتێک کە کات دەگریتەوە داوای وەرگێڕیش بکە.

## ڕێکخستن

تەندروستیی ئافرەتان لە لینشۆپینگ، شیسا، ئۆتڤیداباری و هەروەها بنکەی مامانیی لە موتالا و میۆلبی فەرمووی تیمارسازیی دایکان دەکەن بۆ ئەوانەتان کە چاوەڕێی منداڵتان ببێت، کە ڕێنمایی کەرەستەی ڕێگا لە منداڵبوونگرتن دەخوازن و ئەوانەی کە کۆنترۆڵی ئازمایشیی خانە دەکەن.

بنکەی مامانیی لە نۆرشۆپینگ، سوێدەرشۆپینگ، ڤالدەمارسڤیک، فینسپۆنگ و کۆلمۆردەن فەرمووی تیمارسازیی دایکان بۆ ئەوانەتان دەکەن کە چاوەڕێی منداڵتان ببێت و کە کاتی فەحسی خانەکانی ناولەشی هاتووە و کە ڕێنمایی کەرەستەی ڕێگا لە منداڵبوونگرتن دەخوازن.

## تیمارسازیی تەندروستیی دایکان

تیمارسازیی تەندروستیی دایکان بەشێکە لە بنکەی (کلینیکی) دایکان لە ئوێستەریۆتلاند و هاوکاریی لەگەڵ بنکەکانی تیمارسازیی منداڵان، فیزۆتێراپیست (چارەسەریی سرووشتیی)، ڕێنماییکاریی کۆمەڵایەتیی، کارمەندانی خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتیی و ئی تر دەکات. لە دەمی سکپڕیی و پاش زایینداا ئەتۆ فەرمووی چەندین کۆنترۆڵ دەکردرێیت کە دەکاتە ۷ تا ۸ دانە سەردان لای مامان بەر لەوەی منداڵەکە ببێت و پاش لەدایکبوونیشیی. لە دەمی پێویستدا سەردانی دکتۆر، ئازمایشی ئامێری ئولتراساوند (ئولترالیود) و هەروەها شیاوکاریی تێدابوونیش لە گرووپێکدا کە فەرمووی تازە دایکوباوکان دەکردرێت.

ئەتۆ هەروەها یارمەتیت دەدرێت کە ڕوو بکەیتە کوێندەر ئەگەر بتەوێت کات بۆ لەباربردن، ئازمایشی ئاولەمە و ئازمایششی منداڵدان، نەخۆشیگەلی جنسیی، خوێنهەبوون، میزەچڕکێ و ئەندامی زاووزێ بگریتەوە.

بۆ نموونە سەبارەت بە میزەچڕکێ ئەوە بەشێکە لە کاری تواناداریی سستەرەکان. ئەتۆ ئەمانە لە بنکەی تیمارسازیی نێوچەیی دەبینیت. بروانە زانیارینامەی تایبەتی سەبارەت بە بنکەی تیمارسازیی.

## کەرەستەی ڕێگرتن لە سکپڕبوون

لە بنکەی تەندروستیی ئافرەتان و بنکەکانی مامان لە هەرێمدا ئەتۆ هەروەها لەسەر کەرستەی ڕێگرتن لە سکپڕبوون ڕێنمایی دەکردرێیت و یارمەتیت دەدرێت. ئەتۆ کە تەمەنت لە خوار ۲۵ ساڵییەوەیە دەتوانیت هەروەها ڕوو بکەیتە بنکەی لاوان. کەرەستەی ڕێگرتن لە سکپڕبوونی تەنگاڤیی، کە پێی دەگووترێت "حەپی ڕۆژی پاش" کە دەبێت لە نێوان ۷۲ کاژێردا پاش جووتبوونی بێپارێز بخوردرێت، دەتواندرێت لە دەرمانخانە بکرڕدرێت. ئەتۆ هەروەها دەتوانیت ڕوو بکەیتە بنکەی لاوان، بنکەی تەندروستیی ئافرەتان یان بنکەکانی مامان.

## ئازمایشی خانەی ئەندامی زاووزێ لە کاتی بانگکردندا

ئازمایشی خانەی ئەندامی زاووزێ بۆ ئەوەیە کە ڕێگاگر بێت لە بەردەم پەیدابوونی شێرپەنجەی منداڵدان لە لای ئافرەتانی نیشانەنەدار. ئەتۆ کە تەمەنت لە نێوان ۲۳ - ٤٩ دایە هەر سێ ساڵەی یەک جار بانگ دەکردرێیت بۆ ئازمایش و ئەتۆش کە تەمەنت لە نێوان ۵۰ - ٦۰ دایە هەر پێنج ساڵەی یەک جار. بۆ زانیاریی زێدەتر بڕوانە: www.lio.se\bkc\gck